ئەردگان: تورکیا لەگەڵ گەلی فەڵەستین دەوەستێت



هەجەب تەیب ئەردگان سەرۆك کۆماری تورکیا رایگەیاند، تورکیا لەگەڵ گەلی فەڵەستین دەوەستێت لە هێرشەوبۆنەوەی ئەو پراکتیزە ئیسرائیلیانەی کە ناوچەکەیان کردوە بە حەماماکی خۆن.

هەجەب تەیب ئەردگان لەمیانەی کۆبونەوەی لوتکەی ڕێکخراوی هاوکاری ئابوری لە خانکەندی ئازەربایجان ڕایگەیاند، "ئەو سیاسەتە شەڵانگێزیەی حکومەتەکەی بنیامین نەتەنیاهۆ پەیڕەوی دەکات، هەڕەشە لە ئاشتی و سەقامگیری ناوچەکە دەکات، "تورکیاش لەئاست ئەو کردەوانە بێدەنگ نابێت و بەهیچ شێوەیەکیش دەستبەرداری دێزی فەڵەستین نابێت".

وتی، "تورکیا لەگەڵ گەلی فەڵەستین دەوەستێت لە هێرشەوبۆنەوەی ئەو پراکتیزە ئیسرائیلیانەی کە ناوچەکەیان کردوە بە حەماماکی خۆن".

سەرۆك کۆماری تورکیا باسی لەوەشکرد، "هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر لوبنان، سوریا و ئێران

نوێنەرایەتی سیاسەتێکی سیستماتیکی دەکەن بۆ ملکەچکردنی فەلەستینییەکان"، داوای لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کرد هەنگاوی خێرا بۆ ڕاگرتنی تاوانە بەردەوامەکانی کەرتی غەززە بگرێتەبەر.